# ئازادی ڕۆژنامەگەریو ئازادی بیروڕا
# لە هەر پەرلەمانێک پیرۆزترە!

حەمەغەفور
hamaxafoer@yahoo.com

پڕبەدڵ ئارەزووی ئەوەم هەیە کوردستان سەربەخۆ بوایە. دەوڵەتو یاساو دەسەڵاتێکی مۆدێرن، سکۆلارو هاوچەرخ وە ناقەومیو نائایینی لەسەرکار بووایە. کیانێکی شەرعیو دانپیانراو بووایەو چوارچێوەی دەسەڵاتەکان شەفافو بەرچاوبوونایەو مەوداو بڕو ئاستی مافو ئەرکو کاروکاردانەوە کۆمەڵایەتیو مرۆییو زانستیو ئابووریو سیاسیو مێژوویيو تەنانەت کولتوورییەکانیش بەگوێرەی یاساوڕێسایەکی هاوچەرخو ئینسانیی ڕێکخرابانایە. یاسا سەروەر بووایەو هەمووانیش لەبەرامبەر یاسادا یەکسانبوونایە. پێشبڕکێیەکی پۆزەتیفی عەقلانیو هەمەلایەنە لەولەبی چەرخی جووڵەی مرۆیی کوردستانی بخەملاندایەو شەرعییەتێکی یاسایی وا لەئارادابووایە کە سەرلەبەری توانایيە مادیو مەعنەویەکانی ئەم دەڤەرەی بەئاراستەی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نموونەییو ئازادو کراوەو جەربەزەدا بەکێشبکردایە! کۆمەڵگایەک منالان تیایدا بەسەلیقەیەکی هاوچەرخی ئەوتۆ پەروەردەبکرانایە کە هەستیان بە ئاسوودەییو ئارامیو میهرەبانیو جوانیی ژیان بکردایە، نەک ئەوەی بەسەریانهاتووە! ژنانو کیژانی وولات هەستیان بە نامۆیی نەکرادیەو هیچیان لە نێرینە کەمتر نەبووایەو شاهیدی تراژیدیای زنجیرەیی جینۆسایدێکی مونەزەم نەبووینایە لە بەرامبەریاندا! هەر هیچ نەبووایە ووشە، ئەم ئاوێنەی بالانوێنی ناخی ئینسانە ئازادبووایەو تەوقی عەقڵییەتی کۆنخوازی ئایینییو خێڵو عەشیرەی نەکرایەتە گەردن.

بەڵام ئەفسووس! داوێنی ئەم تەمەنناو ئومێدە پڕویقارە کۆمەڵایەتیو هەمەگیرە لە کوردستان دەرگیری بێنەوبەردەیەکی نەشازو نەخوازراو کراوە. کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستان کە بەقووڵایی نیازە مرۆییەکانی تامەزرۆی گەشەو پێشکەوتنو شارستانییەتو بنیاتنانە، هەڵپەی سەروەریو سەربەخۆییو ئازادییەتی، کەچی جڵەوی کەوتۆتە دەستی هێزو دەسەڵاتو حکومەتو پەرلەمانێک کە بەئاراستەی سەدوهەشتا پلەی دژ لەبەرامبەریدا وەستاوەتەوە! کارەساتی جەرگبڕیش ئەوەیە کەسانی دەرەجە بەرزی ئەم دەورودوکانە حکومەتو پەرلەمانەکەیان بە نموونەی دیموکراسیو فەرماندنی مافی مرۆڤ نیشانی ڕای گشتیو جیهان ئەدەن! پەرلەمانێک لەو ئاستەدا نەبێ لە بەهای ئازادی بیروڕاو ئازادی ڕۆژنامەگەری بڕوانێ وەکو یەکێک لە کایەو ڕەگەزە پایەییەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنیو هاوچەرخ، هیچ شەرعییەتێکی نییەو هەق وایە دەسلەکاربکێشێتەوە! چونکە داڕشتنی یاسا، بەتایبەتیش یاسای پەیوەست بە ئازادی ووشەو ئازادی دەربڕینو خستنەڕووی بیروڕاوە، مەسەلەیەکی مەسیریو حەیاتی کۆمەڵگای دیموکراتو ئازادو کراوەیە لەپێناوی تەقینەوەی توانایيە داخلییە داهێنەرانەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایەکدا. تەشریعی یاسا بۆ ئەوەیە کە توانا شاراوەو ئاشکراکانی ئەفرادی کۆمەڵگا وەبەربهێنرێ لەپێناوی بەرقەراکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتیو

بنیاتنانی خۆشگوزەرانیو پێشکەوتندا. نەک یاسا بۆ سنووردارکردنی ئەم مەوداو دەروازە کراوانەش کە لەمەیداندانو چاونەترسانە لەجەنگدان لەدژی کۆنخوازیو دواکەوتوویو بیرۆکراسییەت دابڕێژرێ!

پەرلەمانی کوردستان بە پەسەندکردنی پرۆژەیاسای ڕۆژنامەنووسی بەردەستیو گۆڕانکاری سەلبی تریش لەسەری، نیشانیدا کە لە ڕیشەوە نامۆیە بە مەسەلەی ئازادیو ئازادی بیروڕاو ئازادی ڕۆژنامەگەری. ئەم پەرلەمانەی کە سەدان جار وەکو نموونەی عەقڵانییەتو قبووڵکردنو گوێگرتن لە خەڵکو جەماوەر وێناکراوە، خۆی بە دەمی خۆی شەرحی حاڵی خۆی کرد! بەم هەڵوێستەی لەبەرامبەر یاساو ئازادی ڕۆژنامەگەریدا گەوهەری واقعی خۆی خستەڕوو بۆ ڕای گشتیو لێرە بەدواوە دەبێ وەکو (المجلس الوطنی) سەردەمی ڕژێمی سەددام سەیریبکرێ.

ئەم ناکۆکییە زەقو کوشندەیە لە ناو فەزای سیاسیو فاکتەری فرەییو پلورالیزمی کوردستاندا دەبێ یەکالابکرێتەوە! دەبێ هەیئەتی تایبەتی لە ڕۆژنامەوانانو ژوڕنالیستەکانو ڕووناکبیرانو ئازادیخوازان عونسوری بنەڕەتی بن لەپاڵ شارەزایانی بواری یاساو مافی مرۆڤو تەشریعی یاسادا بۆ داڕشتنی یاسایەکی پێشکەوتوو و شایستەی ئەم سفیرە جەنجاڵەی بزووتنەوەی ڕووناکبیریو ڕۆژنامەوانی لە کوردستاندا. بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەم فەزایەی ئێستای بزاوتی ڕۆژنامەگەری کوردی بە ئیجابی بخەملێنرێو بکرێتە بناغەی کارکردن بۆ داڕشتنی یاسای ڕۆژنامەگەری کوردی. نەک کار بۆ لەباربردنو سنووداکردنی بکرێ.

وەستانەوەو هاودەنگبوونو یەکگرتوویی ڕۆژنامەوانانو ژوڕنالیستەکانمانو ڕووناکبیرانی ئازادە شانبەشانی ئازادیخوازان بۆ دانانەوەی پەرلەمانی کوردستان لەسەر جێگای خۆی سەبارەت بە پەسەندکردنی پرۆژەیاسای ڕۆژنامەنووسی کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە خرابووەبەردەم پەرلەمان، هەنگاوێکی مەتینو جێگائومێدو دڵگیرەو جێگای پشتیوانی جددی هەموو لایەکە. بەڵام دەبێ ئەوە ڕوونو ئاشکرا بێ کە دەسەڵاتی کوردیو حکومەتو پەرلەمانو حیزبەکانیش، بازیاندا بەسەر ماتەریاڵی ئینسانی هەرە سەرەکی لەم پرۆژەیەداو سەدان ژوڕنالیستی لێوەشاوەو ڕۆژنامەنووسی ئازا بەهەند نەگیرانو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیان کردە نوێنەری کۆمەڵگاو پەرلەمان بۆ داڕشتنی پرۆژەیاسای ڕۆژنامەوانی کوردستان. نەک هەر ئەوەش بەڵکو گۆڕانکاری ترسناکیان کرد لەناو پرۆژە پێشنیارییەکەشداو ئازادی ووشەو دەنگی ئازادی ڕۆژنامەگەرییان کردە قوربانی عەقڵییەتی کۆنخوازو عەشیرەییو تەنانەت لە بەرژەوەندی کۆنەپەرستی ئایینیش چەرخاندیان! بۆیە دەبێ ووریابن ئومێدی خۆیان نابێ بەتەنها ببەستنەوە بە ئیمزاکردنو نەکردنی مەسعود بەرزانییەوە لەسەر پرۆژە پەسەندکراوەکەی پەرلەمان.

سەرەنجام بۆ بەرزانی پەرلەمان پیرۆزترە لە ئازادی ڕۆژنامەگەریو ئازادی بیروڕا. ئەم حوکمەی من لەخۆمەوە نییە، بەڵکو بە بەڵگەوە ڕایدەگەیەنم؛ "پەرلەمان بۆ بەرزانی بەرەنجامی خەباتی چەندین ساڵەی ئەوانەو بەرهەمی خوێنی شەهیدانە". هەردوو حیزبی سەرەکی کوردی لە سەدان مناسەبەدا ئەم قسەیان دووپاتکردۆتەوە. بەڵام یاسای ڕۆژنامەگەری سەرەنجام مافێکە، یادەدرێ یان نادرێ! بەوهۆیەوە کە پەرلەمانی کوردستانو حکومەتو سەرۆکی هەرێمیش بەکردەوە لەم شازدە هەڤدە ساڵەدا نیشانیانداوە، هێندەی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان سەرەکیو گرنگ بووە،

خەڵکی کوردستانو خواستو هیواو ئاواتەکانیان تا بگات بە ئازادیە سیاسییەکانو ئازادی بیروڕاو ئازادی ڕۆژنامەگەریش بایی پووشێک بەهای نەبووە لەلایان. بەڵام تەجروبەی جیهانی پێشکەوتوو وە هاوچەرخ نیشانیداوە کە ئازادی لە هەر هێزو دەسەڵاتێک بەرزترو پیرۆزترە. خسوسەن ئازادی ڕۆژنامەگەری لەم ساتەوەختەی کوردستاندا لە هەر پەرلەمانێک پیرۆزترەو دەبێ بەڕەسمی لە تەشریعی یاسادا جێگای‌بکرێتەوە. ئینسان بەبێ پەرلەمان دەتوانێ درێژە بە ژیانی بدات لەناو کۆمەڵگادا، بەڵام بەبێ ئازادی لە قەفەزێکی بەتاڵ بەولاوەتر نابێ! کۆمەڵگایەک پەرلەمانەکەی هەڵپەی داخستنی دەمی جەماوەری بێت، زۆر دوورە لە کەنارەکانی ئارامیو سەقامگیرییەوە!

2007/12/15